**بەش : مێژوو**

**کۆلێژ: ئاداب**

**زانکۆ: سەلاحەدین**

**بابەت : مێژووی هاوچەرخی عەرەب**

**پەرتووکی کۆرس: ساڵی سێیەم**

**ناوی مامۆستا : م.نشميل صابر عبدالله**

**ساڵی خوێندن:** ٢٠٢٣-٢٠٢٤

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی کۆرس | |
| ٢. ناوی مامۆستای بەر پرس | نشمیل صابر عبدالله |
| ٣. بەش/ کۆلێژ | کۆلێژی ئەدەبیات ـ بەشی مێژوو |
| ٤. پەیوەندی | Nashmil.abdullah@su.edu.krd |
| ٥. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | بۆ نموونە تیۆری: ٣ سەعات<br>پراکتیک: |
| ٦. ژمارەی کارکردن | ئامادەبوونی مامۆستای وانەبێژ بۆ قوتابیان لە ماوەی هەفتەیەکدا |
| ٧. کۆدی کۆرس | |
| ٨. پرۆفایەلی مامۆستا | لە ساڵی ٢٠٠٣-٢٠٠٤ لە کۆلێژی ئەدەبیات/مێژوو (زانکۆی سەلاحەدین) وەرگیراوم و بە بە تێکرای نمرەی (٨٢) و ڕیزبەندی سێیەم خوێندنی زانکۆییم تەواو کرد، لە ساڵی ٢٠١٠-٢٠١١ هەر لە هەمان کۆلێژ و زانکۆ لە خوێندنی ماستەر وەرگیراوم و لە ساڵی ٢٠١٢-٢٠١٣ بڕوانامەی ماستەرم پێدراوە، دوای بەرز بوونەوەی پلەی زانیستیم بۆ مامۆستا و لە ٢٠٢٣ کۆتایی بە قۆناغی دکتۆرام هێناوە. |
| ٩. وشە سەرەکیەکان | |

**١٠. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

بابەتی ( مێژووی هاوچەرخی عەرەب ) یەکێکە لەبابەتەکانی قۆناغی( سێیەمی –گشتی )بەشی مێژووی زانکۆی سەلاحەدین، دەستپێکی خوێندنی ئەم بابەت لەجەگی یەکەمی جیهانی دەستپێدەکات، لەماوەی کۆرسی دووەمدا بارودۆخی نیشتیمانی عەرەبی لەرووی سیاسی و رۆشنبیری باسکراوە و گرنگی بەرووداو پێشهاتە سیاسیەکانی دراوە .

گرنگی ئەم بابەتە جگە لەوەی ماوەیەکی مێژووی دوور ودرێژ دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا سەر زەمینێکی فراوان دەگرێتەوە کەنزیکەی(٢٢) دەوڵەت لەخۆ دەگرێت کەرۆڵیان هەیە لەرەنگرێژکردنی سیاسەت و ئاراستەکردنی ڕووداوەکانی ناوچەکە، ئەمەش راستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ کاریگەی لەسەر مەسەلەی نەتەوەیی کورد هەیە، بەواتایەکی تر شارەزابوون لەم ماوە مێژووییە بەرچاو روونی دەداتە قوتابیان بۆ ئاگادار بوون لەرووداوەکانی رابردوو و کاریگەریان لەسەر ناوچەکە تاوەکو سوودی لێ وەربگیرێ بۆ کاتی ئێستاو

داهاتوو، چونكە مێژوو تۆماری ڕووداوەكانی ڕابردووە تاوەكو سوودی لێ وەربگیرێ بۆ كاتی ئێستا و داهاتوو، ئەوتا ئیبن خەلدون ناونیشانی پەرتووكەكەی(العیبر)، جگە لەوەش ئەم بابەت زانیاری دەداتە قوتابی تاوەكو لەسایەی ئەو زانیاریانەی وەریدەگرێ و پێیدەگات بەرچاو ڕوون و شارەزابێت لەو سەردەمە مێژووییە تاوەكو بتوانێ توێژینەوەی ئەكادیمی لەو سەدەمە مێژووییە ئەنجام بدات چونكە بابەتەكە بابەتێكی گرنگە بەو پێیەی كەپەیوەندی بەكوردستانەوە هەیە .

**١١. ئامانجەکانی کۆرس**

١-بەشێوەیەكی گشتی ئامانجی كۆرسەكە بریتییە لەگەیاندنی زۆرترین زانیاری بەقوتابی تاوەكو لەم ماوە مێژووییە شارەزا بێت و بتوانێ شرۆڤە و تەتەڵەی ڕووداوەكان بكات، ئەمەش توانای زانستی قوتابی بەهێز دەكات بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر ئەم ماوە مێژووییە، جگە لەوەش دەبێتە هۆكارێك بۆ رۆشنبیر كردنی تاكەكانی كۆمەڵگا، سەرئەنجام زانكۆ دەبێتە بنكەی پێگەیاندنی تاكی رۆشنبیر كە ئەمەش سەر دەكێشێت بۆ رۆشنبیر كردنی كۆمەڵگا .

٢- خاڵێكی دیكەی ئامانجی كۆرسەكە، ئەوەیە كە مێژوو تەنها لایەنی سیاسی ناگرێتەوە بەڵكو لایەنی شارستانی بەشێكی فراوانی مێژوو داگیر دەكات، واتا ئەو پەیامە بەقوتابی بگەیەنرێت كەمێژوو تەنها سیاسەت نیە چونكە مێژوو دەبێتە هۆكارێك بۆ بەرقەراربوونی ئاشتی و پێشكەوتنی كۆمەڵگا .

٣-خاڵێكی دیكە لەئامانجەكانی ئەم كۆرسە، بەرزكردنەوەی ئاستی زانستی قوتابی لەسایەی وەرگرتنی زۆرترین زانیاری مێژووی، ئەمەش لەكۆتایدا رەنگدانەوەی لەسەر بەرزكردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی دەبیت، لەلایەكی دیكەشەوە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی رۆشنبیری و هەستكردن بەبەرپرسیاری .

٤- ئامانجێكی دیكەی كۆرسەكە، جگە لەلایەنی زانستی پێگەیاندنی تاكی تەندروستە تاوەكو لەو رێگەیەوە گۆڕانكاری لەكۆمەڵگا بێتە كایەوە لەرێگەی راماڵینی دیاردە نەشیاو و دزێوەكانی ناو كۆمەڵگا، ئەمەش لەو رێگەیەوە دەبێت كە قوتابیان دوای چوار ساڵ خوێندن كەسایەتیەكی دیكەی لێدەرچێت كە كاریگەری لەسەر كۆمەڵگا دروست بكات. **هەروەها شارەزابوون و ئاشنا بوونی قوتابیان بە:**

**٥–مێژووی نوێ و هاوچەرخی عەرەب و رەنگدانەوە و کاریگەی ئەو رووداوانەی رابردوو لەسەر بارودۆخی ئێستا .**

**أ–روون کردنەوی هۆکاری و دەرئەنجامەکانی رووداوەکانی ئەو ماوە مێژووییە**

**ب–پێکەوە بەستای رووداوەکانی ئەو کات لەگەڵ رووداوەکانی ئەمرۆدا تاوەکو لەسایەی مێژوودا پێشهاتی رووداوەکان بکەین و خۆمانی بۆ ئامادە بکەین**

**١٢. ئەرکەکانی قوتابی**

لەچوارچێوەی پرۆسەی خوێندندا قوتابی چەند ئەركێكی دەكەوێتە سەر لەوانە: ئامادەبوون و پابەند بوونی قوتابی بەدەوام یەكێكە لەئەركە گرنگەكان چونكە ئامادەبوونی قوتابی وادەكات قوتابی بێبەش نەبێت لەوزانیاریانەی كەلەهۆڵی خوێندندا دەخرێتە روو، جگە

لەوەش قوتابی دەبێت بەشداری موحازەرەکان لەرێگەی خوێندنەوەی سەرچاوە جیاوازەکانەوە بکات، هەروەها قوتابی دەبێت لەتاقیکردنەوەکان ئامادەبێت، ئەرکێکی دیکەی قوتابی ئەوەیە راپۆرت و توێژینەوە ئامادەبکات و سمیناریش پێشکەش بکات، جگە لەلایەنی زانستی قوتابی دەبێت پیرۆزی هۆڵەکانی خوێندن لەهێمن راگرتن و پاراستنی پاك و خاوێنی و پارێزگاری لەکەل و پەلەکانی کۆلیژ بکات . بەشێوەیەکی گشتی ئەرکی قوتابی خۆی لەلایەنی زانستی و رەوشتی دەبینێتەوە .

**١٣. رێگەی وانە ووتنەوە**

یەکێك لەرێگاکانی وانە وتنەوە هەڵبژێردراوە بۆ گەیاندنی زانیاری بەقوتابی، لەم رێگایەدا جگە لەمامۆستا قوتابیش بەشدارییەکی بەچاو دەکات لەدەوڵەمەند کردنی بابەتەکە، بابەتەکە بەشێوەی پاوەربۆینت لەرێگەی داتاشۆ پێشکەش دەکرێت لەگەڵ ئەوەشدا پێنووس و تەختەنووس بەکاردێت هەروەها سوود لەنەخشە و وێنە وفیلمی دۆکۆمێنتی وەردەگیرێت .

**١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

پەیوەری دیاری کردنی ئاستی قوتابی لەرێگەی تاقیکردنەوە و بەشداری کردن لەموحازەراتەکان و ئامادەکردنی راپۆرت و پێشکەش کردنی سمینار و ئامادەبوون لەهۆڵەکانی خوێندن دەکرێت .

**١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

ئامانجە سەرەکییەکانی بابەتەکە لەپلانی خوێندنی ساڵانەدا زۆر بەروونی خراوەتە روو تاوەکو زۆرترین زانیاری بەقوتابی بگەیەنێت هەروەها خاڵە گرنگەکانی بابەتەکە روون بێت بۆ قوتابی بتوانێ شرۆڤە و تەتەڵەی رووداوەکان بکات، ئەمەش توانای زانستی قوتابی بەهێز دەکات بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر ئەم ماوە مێژووییە، جگە لەوەش دەبێتە هۆکارێك بۆ رۆشنبیر کردنی تاکەکانی کۆمەڵگا، سەرئەنجام زانکۆ دەبێتە بنکەی پێگەیاندنی تاکی رۆشبیر کە ئەمەش سەر دەکێشێت بۆ رۆشنبیر کردنی کۆمەڵگا . ئامانجێکی دیکە ئەوەیە کە مێژوو تەنها لایەنی سیاسی ناگرێتەوە بەڵکو لایەنی شارستانی بەشێکی فراوانی مێژوو داگیر دەکات، واتا ئەو پەیامە بەقوتابی بگەیەنرێت کەمێژوو تەنها سیاسەت نیە چونکە مێژوو دەبێتە هۆکارێك بۆ بەرقەراربوونی ئاشتی و پێشکەوتنی کۆمەڵگا . بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی قوتابی لەسایەی وەرگرتنی زۆرترین زانیاری مێژووی، ئەمەش لەکۆتایدا رەنگدانەوەی لەسەر بەرزکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی دەبیت، لەلایەکی دیکەشەوە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی رۆشنبیری و هەستکردن بەبەرپرسیاری، جگە لەلایەنی زانستی پێگەیاندنی تاکی تەندروستە تاوەکو لەو رێگەیەوە گۆڕانکاری لەکۆمەڵگا بێتە کایەوە لەرێگەی رامالێنی دیاردە نەشیاو و دزێوەکانی ناو کۆمەڵگا، ئەمەش لەو رێگەیەوە دەبێت کە قوتابیان دوای چوار ساڵ خوێندن کەسایەتیەکی دیکەی لێدەچێت کە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا دروست بکات .

قوتابی جگە لەبەرزبوونەوەی ئاستی زانستی بوارەکەی خۆی دەبێتە خاوەن فکرێکی فراوان و رۆشنبیرەیەکی گشتی کەسوود بەخۆی وکۆمەڵگا دەگەیەنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قوتابی هەیە سودێکی زۆر وەرناگرێت ئەمەش بۆ کەم تەرخەمی و توانی تاکەکەسی قوتابی دەگەڕێتەوە جگە لەوەی لایەنی دەروونی و لایەنی ئابووریش رۆڵی کاریگەر دەبینێت لە رێژەیی سوود وەرگرتنی قوتابی .

سەرضاوە بنەرەتەكان

– ابراهيم خليل احمد: تاريخ الوطن العربي في العهد العثماني ١٥١٦-١٩١٦

– ابراهيم خليل و جعفر عباس : تاريخ العراق المعاصر .

– عمر عبدالعزيز عمر : دراسات في تاريخ العرب الحديث والمعاصر .

– جاسم محمد و طالب محمد واخرون: تاريخ الوطن العربي المعاصر .

– حسن العطار : الوطن العربي .

– رأفت الشيخ : في تاريخ العرب الحديث

– ساطع الحصري : البلاد العربية والدولة العثمانية .

– شوقى عبدالله جميل، المغرب العربي الحديث في العصر الحديث .

– شوقى الجمل و عبدالله عبدالرزاق، تأريخ افريقيا الحديث والمعاصر.

– صلاح احمد هريدي: دراسات في تاريخ العرب الحديث .

– صلاح العقاد: المغرب العربي في التاريخ الحديث والمعاصر(الجزائير، تونس، المغرب الاقصى) .

– طالب محمد وهيم: مملكة الحجاز(١٩١٦– ١٩٢٥) دراسة في الاوضاع السياسية .

– مصطفى النجار و حسين القهواتي واخرون: تاريخ الخليج العربي الحديث والمعاصر .

١٦. ليستى سەرچاوە

•

| |
|---|
| **سەرچاوە سودبەخشەکان** |
| **– خليل اينالجيك : تاريخ الدولة العثمانية من نشوء الى الانحدار .**<br>**–علي محمد محمد الصلابي: الدولة العثمانية عوامل النهوض وأسباب السقوط .**<br>**– محمد انيس : الدولة العثمانية والشرق العربي .**<br>**– وفيق علي برو، العرب والترك في العهد الدستوري العثماني .**<br>**– وميض جمال و شفيق عبدالرزاق و غانم محمد: التطور السياسي المعاصر في العراق .**<br>**– عبدالكريم رأفت : العرب والعثمانيون** |
| **گۆڤارو ریڤیوو ( ئینتەرنیت)** |
| http://www.altareekh.com/<br>http://www.almusuat alislamia.com/<br>http://www.al-hakawati.net/ |

| **١٧. بابەتەكان ـ كۆرسی دووەم** | **ناوی مامۆستای وانەبێژ** |
|---|---|
| **. جو**ڵانەوەی نیشتمانی عەرەبی<br>**. دا**گیرکاری ئەورووپی لە نیشتمانی عەرەب و شۆرش و بەرەنگاری عەرەبی<br>ـداگیرکاری جەزائیر و تونس لە لایەن فەرەنسا<br>ـ دەسەڵاتی بەریتانیا لە میسر ١٨٨١<br>ـ داگیرکردنی لیبیا لە لایەن ئیتالیا١٩١١ | نشميل صابر عبدالله |

| | |
|---|---|
| - بارودۆخی نیشتمانی عەرەبی لەسەرەتای سەدەی بیستەم<br>١- بارودۆخی نیشتمانی عەرەبی پێش هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی<br>٢- شۆرشی گەورەی عەرەب لە ساڵی١٩١٦<br>٣- ڕێکەوتنامەکان<br>٤- کۆنگرەکان<br>- بارودۆخی سیاسی عێراق<br>١- شۆرشی ساڵی ١٩٢٠ لە عراق<br>٢- دامەزراندنی حکومەتی عێراق<br>- بارودۆخی سیاسی سوریا<br>- پێشهاتە سیاسییەکانی سوریا لەدەرکردنی دەستورەوە تاوەکو ڕاگەیاندنی کۆمار<br>- بارودۆخی سیاسی فەڵەستین<br>- کاریگەری شەری سارد لەسەر وڵاتانی عەرەب | |
| ١٨. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) | |
| | |

**١٩. تاقیکردنەوەکان**

**پێناسەی ئەمانە بکە :** ١-سەلمان پاک ٢-کۆنگرەی پاریس**١٩٤٦** **٣**- شەڕی شوعەیبە

پێشنیارەکانی لیژنەی(کنج-کرین) بخەروو

هۆی ئەمانە روون بکەوە :

١- لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا دەوڵەتی عوسمانی هەوڵیدا میسر لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیا دەربکات .

٢-فەرەنسا دەسەڵاتی سەرۆک کۆماری لوبنانی لەدەستووری ساڵی**١٩٢٦** زیاد کرد .

٣- فەلەستین بۆ بەریتانیا گرنگی جوگرافی و ستراتیجی هەبوو .

راسپاردەکانی یەکەم کۆنگرەی سەهیۆنی بخەروو

ئەم بۆشایانە بەدەستەواژەی راست پڕبکەوە

١-لەساڵی ١٩٢٩ شۆڕشی............. لەفەلەستین بەرپابوو .

٢-کۆنگرەی سان ریمۆ رژێمی ................. بۆ بەڕێوەبرنی ناوچە عەربیەکان داهێنا .

٣-ئەنجومەنی دامەزراندن لەسوریا بەسەرۆکایەتی هاشم ئەتاسی لەساڵی................. کرایەوە .

٤- ........................یەکەم نشینگەی جوو بوو لەفەلەستین دامەزرا .

٥- میر .........................یەکەم میری میرنشینی رۆژهەڵاتی ئوردن بوو .

**٢٠. تێبینی تر**

لێرە مامۆستای وانەبێژ دەتوانێت تێبین وکۆمەنتی خۆی بنوسێت بۆ دەوڵەمەندکردنی پەرتووکەکەی.

**٢١. پێداچوونەوەی هاوەڵ**